


# وردبوونەوەیەک لە بارەی کتێبی لە هەولێرەوە بۆ هەولێر

**هاشم سەلیمی**
**(تاران)**

لە تەمەنی حەفتا و چەند ساڵی ڕابوردووم، نیزیک بە پەنجا کتێبی بەسەرهاتی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردم خوێندووەتەوە، هەروەها پێداچوونەوەم بەسەر بیرهات و ژیانی چەند کەسایەتی بەناوبانگی وڵات کردووە و چاپم کردوون.

لەو بڕوایەدام کتێبی «لە هەولیرەوە بۆ هەولێر» لە بارەی خەبات و تێکۆشان و تێپەڕکردنی ڕۆژان و ساڵانی خۆش و ناخۆش و پەلەقاژەی داکەوتن و نەسرەوتن و سەرکەوتن هەتا ئەوپەڕی خۆبەخشی و خزمەت بە نیشتمان، یەکێک لە شازترین و پڕ ئەزموونترینیانە.

نووسینی ئەو جورە ئاسەوارانە، زۆربەی کەلێن و کولێنی تاریک و نادیاری ڕووداوەکانی کۆمەڵگا ڕوون دەکەنەوە، واتە ئەو ڕاستییانەی کە هەندێک لە مێژوونووسانی بەرژەوەندخواز، خۆیان لێ لاداوە، وەدەر دەخات. مەتەڵێکی ڕووسی دەڵێ: گۆرانی زەنگی زەمانەیە. بەو پێیە بیرەوەرییەکان زەنگی مێژووی ڕابوردوون.

ناوەڕۆکی ئەو کتێبە دەپێشدا ژیان و بیرهاتی نووسەر د. کوردستان موکریانی دەگێڕێتەوە، دوایی باسی سەربردەی کەسایەتییەکانی فەرهەنگی و زانستی دەوروبەری دەکات کە ئەو بەشە تا ڕادەیەک لە «علم- الرجال» نیزیک دەبێتەوە.

نوکتەیەکی یەکجار گرینگ لەو کتێبەیدا ئەوەیە خانمێک لە بەرەی نوێی کورد، پەنجا ساڵ لەوەو پێش لە زانکۆی مۆسکۆ و لینینگراد وەردەگیرێت و بە سەرپەرشتیاری دوو پرۆفیسۆری زانای وەک «کەناتی کوردۆ» و «دڤەرینکوڤی» بە سەرکەوتوویی دوکتۆرای زمانی کوردی وەردەگرێت. دواییش وەک ئاکادیمیستێکی لێهاتوو شان بە شانی کەسایەتییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان

تێدەکۆشێت، هەتا ئەو ڕادەیەی کە وەک سەرۆکی کۆڕی زانیاری و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هەڵدەبژێررێت و زۆر بە لێوەشاوەیی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات.

گەڕانەوە بۆ نیشتمان و دەست بەکاربوون و کۆڵنەدان دەبەرانبەر سەرسپێراوەکانی حیزبی بەعس و هەڵداشتن لە زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا بۆ خۆی و د. جەمال ڕەشیدی هاوسەری، بەشێکی تر لە ژیانی پڕ لە شانازی و خەباتی فەرهەنگی د. کوردستان موکریانی دەژمێررێت.

ئاکامی تەمەنێک کاروتێکۆشانی بێ پسانەوە و پڕووکێنەر، لە بەرانبەر دەیان دۆست و دوژمنی نەیار، هەڵداشتن لەم زانکۆ بۆ ئەو زانکۆ و دووری لە هاوسەر و ماڵ و منداڵ، دەتابشتی کەم کەسدایە بە غەیری ئەویندارێکی دڵسۆزی وەک نووسەری ئەو پەرتووکە پڕ بایەخە.

چاپ و توێژینەوەی ٥٦ کتێب و فەرهەنگ، ٣٥ لێکۆڵینەوەی زمانناسی، ٢١٢ وتار و چیرۆک و هۆنراوە، بەشداری لەگەڵ ٩٨ کەناڵی ڕاگەیاندن و دەیان کۆنفرانس و گفتوگۆکردنی نامەی ماجستێر و تێزی دوکتۆرا و ڕێزلێنان، تەنیا و تەنیا شایانی لێوەشاوەیی و کارامەیی خۆیەتی کە دەڵێت: «من لە ماڵێک چاوم بە دنیای ڕۆشن هەڵهێنا، بۆن و بەرامەی پەرتووکی لێ دەهات. تیشکی خۆری زانست و زانیاری تێدا دەبریسکایەوە. » (ل ٦- پێشەکی).

## دوو تایبەتمەندی کتێبی لە هەولێرەوە بۆ هەولێر:

١- بێجگە لە ناوەرۆکی پڕ بایەخی کتێب، مێژووی گشت ڕووداوەکان بە ڕاستیودروستی هاتوون کە لە زانستی مێژوونووسیدا بەها و بایەخی بنەڕەتییان هەیە و جێگەی ڕامانە.

٢- بەڵگە و وێنەکان بۆخۆیان کتێبێکن و شاکارێک لە ئەدەبی مێژوونووسیی نوێ دەژمێررێن.

ئەو دوو تایبەتمەندییە نیشان دەدات کە نووسەر لە مێژ ساڵە بە شوێن ژیان و بیرهاتی خۆیدا بووە و بەو هۆیە بەڵگە و ئامرازی پێویستی بۆ کۆکردووەتەوە.

**پێشنیازێک:** لە گشت خاوەنانی بیر و ئەندیشەی هونەری داوا دەکەم، هەتا خانم د. کوردستان موکریانی لە ژیاندا ماوە، دەفکری بەرهەمهێنانی سیریالێکی چەند بەشی، لە سەربردە و بەسەرهاتی ئەو کەسایەتییە دەگمەنەی کورددا بین. بە ڕاستی سەرتاسەری ژیانی، وانە و تێکۆشان و نەوەستان و خەباتی فەرهەنگی و سیاسییە، هەتا بەرەکانی ئەمڕۆ و داهاتووش وەک سەرمەشقێک، لە بەش بەشی بارودۆخی ژیانی پڕ لە شانازی نووسەر کەڵک وەربگرن.

دوای خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە بەتام و پێزە، بە ئەرکی خۆم زانی بۆ ناساندن و ئاگاکردنی خوێنەران وتارێک لە دوو بەشدا بنووسم.

لە بەشی یەکەمدا، هەندێک لە مژارەکانم گوڵبژێر کردووە و هەمان دەقەکەیم دەگەڵ سەردێڕ و ژمارەی لاپەڕەی کتێبەکەی هێناوە، کە بە بڕوای خۆم دێڕ بە دێڕ و بابەت بە بابەت گشتی ئامۆژگاری و وانەیە لە ژیانی پڕ تەنگوچەڵەمەی نووسەر هەتا سەرکەوتن بۆ بەرەی نوێ، تەنانەت بەرەکانی داهاتووش وەردەگیرێت.

**بەشی یەکەم:**

**گوڵبژێری مژارەکان:**

من ئەم بیرەوەرییەی خۆم نەنووسیوە،

لەبـەر ئـەوەی ئەزموونـی ژیانـی مـن، پسـپۆڕی و شـارەزاییم لـە هەندێـک بـواردا زۆر لـە هـی کەسـانی دی بەپێزتـر و دەوڵەمەندتـرن، هـەروا لەبـەر ئـەوەی لـە هەندێـک بـاردا ڕچەشـکێنم، لـە دنیـای نووسـین و لێکۆڵینـەوەی کوردیـدا تـا ڕادەیـەک هـەم، بەڵکـوو پێویسـتە منداڵەکانمـان بزانـن ئـەو بـارە پێشـکەوتووەی ئەمـڕۆ تێیـدا دەژیـن لـە کوێـوە هاتـووە و چـۆن بەردەوامـی بـە ژیانـی دراوە، تـا ئەوانیـش بـەرەو بارێکـی چێتـر و باشـتری ببـەن، چونکـە تاکـی کـورد شـایەنی ئەوەیـە خاوەنـی دەوڵـەت بێـت، هەتـا ژیانێکـی چەسـپیو و ئـازاد و سـەرفرازی دەسـت بکەوێـت.

مـن مافـی خۆمـە شـانازی بـە بنەماڵـەم بکـەم، چونکـە سـەرەتای مێـژووی ڕۆژنامەگـەری کـوردی لـە هەولێـر و ڕەوانـدزدا، هـەروا مێـژووی هونـەری وێنەگـری لـە کوردسـتاندا لـە حوزنـی مامـم و گیـوی باوکـم دەسـت پـێ دەکـەن، چونکـە ئـەوان یەکەمیـن کـورد بـوون ئامێـری چاپکـردن و کامێرایـان بـۆ یەکەمیـن جـار هێنایە کوردسـتان و دواتـر لـە باشـووردا جێگیـر بـوون. (ل ٦- پێشـەکی).

***

دایکـم لـە ماڵـەوە وەک دایکێـک ڕەفتـاری دەکـرد، نـە وەک ژنێـک لـە قسـەکردنیدا وشـەیەکی وای نەدرکانـدووە، کـە بۆنـی جنسـی لـێ بێـت، هەڵبـەت دایکـی زۆربـەی دەستەخوشکەکانیشـم وا بـوون، چونکـە ئـەو جـۆرە دایکانـە ویسـتوویانە و ئێسـتەش دەیانەوێـت کچەکانیـان بەبـێ کێشـە بگەیەننـە دنیـای خێـزان پێکهێنـان. ژنی ڕۆژهەڵاتی بـە گشـتی، کـە بـوو بـە دایـک بیـروڕای بەرانبـەر بـە جنـس دەگۆڕێـت و پیـرۆزی و بەرپرسـی دایکایەتـی بەسـەر جنسـدا زاڵ دەبێـت، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە زۆربـەی پیـاوی ڕۆژهەڵاتـی، کە ستایشـی ژنەکانیـان دەکـەن، دەڵێـن: دایکێکـی باشـە و بـە دەگمـەن دەڵێـن: هاوژینێکـی باشـە. (ل ١٣- جیـاوازی شـێوازی ژیانـی دایکـم و مـن).

***

ماڵێـک کچـی زۆر بێـت، وەک باخچەیـەک وایـە پـڕ بێـت لە گوڵـی ڕەنگاوڕەنـگ و بۆنـدار. هەمووی تێکـڕا جوانترین و نەخشـینترین تابلـۆ پێکدەهێنـن و کۆمەڵـی کـوردەواری پێیـان دەخەملێـت.

(ل ٣١- ماڵـی کیژان).

***

سسـتەر گوڵـێ یەکێـک بـوو لـەو سسـتەرانەی لەشـارەکەدا پیشـەی پەرسـتاری هەڵبژاردبـوو، بـە خەنـدە شـیرینەکەی ئـازاری نەخۆشـەکانی کـەم دەکـردەوە و لـە ڕەوشـت پـاکـی و دڵسـۆزی بـۆ کارەکـەی نێـودار بـوو، لـە هەمـان کاتـدا مووچەکـەی بووبـوو بـە سـەرمایەی خێزانەکـەی.

سسـتەر گوڵـێ لـە شـوێنی کارکردنیـدا لەگـەڵ پیاوێـک ڕێککەوتبـوو، تـا ژینـی خێزانـی خـۆی پێـک بهێنێـت. پیـاوە چەنـد جـار چووبـوو بـۆ خوازبێنـی، بـەڵام ماڵـە باوکـی کچـە ڕازی نەبـوون و نەیانپەژرانـد، هـەر لەبـەر ئـەوەی پیاوەکـە موسـڵمانە و سسـتەر گوڵێـش دیـان! هـەر دوو لا هیـچ چارەیەکیـان بـە دەسـت نەمـا تەنـێ ئـەوە نەبێـت، کـە بەبـێ ڕەزامەنـدی ماڵـەوە خۆیـان لـە یەکتـر مـارە بکـەن.

بەپێـی داوونەریتـی ڕۆژهەڵاتـی ئەوسـا و ئێستەشـی لەگەڵـدا بێـت، سسـتەر گوڵـێ لەلایـەن کۆمەڵـەوە، لـە دوو لایەنـەوە تاوانبـار دەکـرا:

**یەکـەم،** دینـی خـۆی گۆڕیـوە و بـووە بـە موسـڵمان.

**دووەم،** دڵـی بـۆ کوڕێـک لێیـداوە و خۆشـی ویسـتووە.

کوشـتنی ئـەو ژنـە لـە گەڕەکەکـەی ئێمـەدا لـەو

تەمەنی منداڵییەی مندا دەیان پرسیاری لەلام وروژاند، کە بە زۆری پێوەندییان بە ئایین و بە خۆشەویستییەوە هەبوو. بۆ وێنە ئەم ژنە دینی فەلەیی بە ویستی خۆی هەڵنەبژاردووە، بەڵکوو لە دایک و باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، جا بۆ دەبێت هەڵبژاردنی دینێکی دی ببێتە مایەی کوشتن و برین! ئایا لە نێو یاسا و ڕێسای هەر دینێکدا سزای کوشتن دانراوە، کە ئایینیان بگۆڕن، چۆن دەبێت بە خوێنڕشتن، کە ترسناکترین جۆری توندوتیژییە، ئەم دینە بچەسپێنرێت؟ (٤- ٤٣ — سستەر گوڵێ).

***

یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی مارت زمانی خوێندن لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا بوو بە زمانی کوردی و لە ئەنجامدا ئێمە، ئەوانەی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی دامەزرابووین گوازراینەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی. من بۆ قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کچان گوازرامەوە. لەوێدا بابەتی مێژوو، جوگرافیا و کۆمەڵایەتیم دەگوتەوە، جا لە ڕووی ئەوەی کتێبەکانی خوێندن بە زمانی عەرەبی بوون، ئێمەی مامۆستایان دەبا خۆمان وەرمانگێڕابانە سەر زمانی کوردی. ئەو لێژنەیەی، کە بۆ وەرگێڕان دامەزرابوو ئەوەندە دەستوبرد نەبوو، تا بە زووترین کات یارمەتی ئەو پرۆسەیە بدات. من ناچار خۆم زۆربەی بەرهەمی ئەو سێ بابەتەم وەرگێڕا سەر زمانی کوردی و لە وانەیەک بە قوتابییانم دەنووسییەوە و لە وانەیەکی دیدا لێم دەپرسینەوە. هەندێک لە مامۆستایانی هەولێر پشتیان بەو وەرگێڕانەی من دەبەست و هەر ئەویان بە قوتابییان دەگوتەوە. لە ١٩٧٢/٣/٢٢دا بۆ یەکەمین جار بابەتی زمانی کوردیم بە قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی گوتەوە. (ل ٧١ — دامەزراندن).

***

لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٠دا لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغداوە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، هەولێر بە سەنتەری ئەم حوکمڕانییە دانرا. پەرلەمان و حکوومەت لە هەولێر دامەزران، واتە بە پایتەختی کوردستان ژمێردرا، لە پاڵ ئەم داوودەزگە کارگێڕییانەدا، دەبا بنکەیەکی زانستی وەک زانکۆی تێدا هەبا.

حکوومەتی بەغدا هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە کورد بە نەزان و ناشارەزا بمێنێتەوە. ڕژێمی بەغدا ئەوەند بایەخی بە دامەزراندنی داوودەزگەی زانستی و ڕۆشنبیری نەدەدا و ئەگەر هەوڵیشی دابا لەو سنووره تەسکەدا تێنەدەپەڕی، کە چەند لە ڕاژەکردنی هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیدا دەبێت. (ل ١١٤ — گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر).

***

گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، خوێنەری خۆی هەبوو. خوێنەری ئەوسا لە ناسنامەی خۆی دەگەڕا. ئێمەی ڕووناکبیرانی کورد بە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانمان مێشکی گەنجانمان بە زانست ئاو دەدا. بۆ وێنە لە سەر بەرگی ژمارە ١٠٩ ڕێکەوتی ئاداری ١٩٨٦ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا، وێنەی پەیکەرێکی «نێڤەرتیتی»م بڵاو کردەوە و لە پاڵیدا نووسیم: تا دوهیپای میتانی (نێڤەرتیتی) بووکێکی هەوارگەی کوردەواری. ئەم وێنەیە پێوەندی بەو لێکۆڵینەوەیە هەبوو، کە د. جەمال ڕەشید بە نێوی بووژانەوەی میتانی و شۆڕشی «ئەخناتون» ل ٤٩- ٨٨ی لە گۆڤاری نێوبراودایە، بڵاوی کردبووەوە. هەشت سەد ژمارەمان لەو گۆڤارە بۆ هەولێر و

هەشت سەد ژمارەی دیش بۆ سلێمانی نارد، لە ماوەی دوو سەئاتدا هەر هەشت سەد ژمارە لە هەر دوو شاردا فرۆشران!

زۆری پێ نەچوو لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوای بیست و پێنج دانەیان لەم ژمارەیەی ئەو گۆڤارە لە دەزگە کرد. هەفتەیەکی پێ نەچوو، سەددام حوسێن لە یەکێک لە وتارەکانیدا باسی ئەوەی کرد کەوا نێفەرتیتی میسرییە و هەر بە میسری دەمێنێتەوە. لە سەر ئەو لێکوڵینەوەیە من و د. جەمال لە لایەنی حکوومەتی بەغداوە دووچاری لێپرسینەوە بووین. (ل٢ – ١٥١) (چۆنیەتی بوونم بە سکرتێری گوڤاری بەیان و دواتر گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ).

***

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤دا بە سەرپەرشتی سەمیر مەحەممەد عەبدولوەهاب – ئەمین سرِی مەکتەبی ڕێکخراوی بەغدا بە دەیان ڕووناکبیر و مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین و بەغدا کۆکرانەوە. تۆمەت درا بۆ ئەو نووسەرانەی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو دەنووسن زمانی کوردی بەرەو بە فارسیکردنی دەبەن. دەڵێن د. بەدرخان سندی ئەو بیرەی لای سەددام حوسین وروژاندبوو. ئەویش پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە دانیشتنێک لەگەڵ نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم کارە بوەستێنرێت. ئەم تۆمەت کردنە لە کاتێکدا بوو کە جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەر بەردەوام بوو. کاتێ نۆبەت گەیشتبووە سەر د. جەمال بۆ ڕادەربڕین، دیسان د. جەمال باسی لەوە کردبوو کە زمانی زیندوو، ئەو زمانەیە وشەی زمانانی دی بێتە ناوی و بەکاری بهێنێت. د. جەمال ئەو وشانەی خستبووە ڕوو کە لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە ئێرانین و ئەمڕۆ لە زمانی ئارەبیدا بەکار دێن لەوانە: دەستوور، وەزیر، دیوان، بەرنامەج، فردەوس... جا گووتبووی زۆر ئاساییە کە لە زمانی کوردیدا وشەی فارسی هەبێت، چونکە ئەم دوو زمانە بۆ یەک گرووپی زمانەوانی دەگەڕێنەوە.

(ل ١٥٢ – تۆمەتی بە فارسیکردنی زمانی کوردی لە ژێر پەردەی پرۆژەی فەرهەنگی کوردی).

***

ئەم دوو بەرهەمەی پێشوو نامیلکەیەکی بە بیر هێنامەوە.

بە نێوی حول اللغة الكردية، کە سەلاح سەعدوڵڵا ئەندازیاری نەوت لە ساڵی ١٩٨٥ نووسیویەتی و چاپی کردووە. سەلاح سەعدوڵڵا، د. جەمالی بەوە تاوانبار کرد کە بووژێنەرەوەی ئیمپراتورییەتی ئێرانییە. سەلاح سەعدوڵڵا لە ژوورەکەی خۆم لە دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا لە بەغدا گوتی: تۆ و مێردت وەکوو تۆفیق وەهبی ئێرانچییەتی دەکەن. کە لێم پرسی بەڵگەت بۆ ئەمە چییە؟ گوتی: ئێوە دەڵێن زمانی کوردی سەر بە کۆمەڵەی زمانی ئێرانییە. منیش لە وەڵامدا گوتم: زمانی کوردی لە ڕووی یاسای ڕێزمانی و بنچینەی وشەی فەرهەنگی بە یەکێک لە زمانانی باکووری ڕۆژاوای کۆمەڵەی زمانانی ئێرانی دەژمێردرێت.

(ل ٢٩١ – دژایەتیکردنی د. جەمال بە نێوی ئێرانچێتیکردن!).

***

ڕژێمی بەعس جەنگی هەڵگیرساوی نێوان عێراق و ئێرانی بە هەل دەزانی، بۆ ئەوەی بە

هەموو دڕەندەییەکی خۆی کورد لە نێو بەرێت. ماوەیەکی هەچ گوندی کوردی هەبوو ڕووخاندی، دانیشتووانی لە کۆمەڵگەی دیاریکراودا بە زۆرەملێ کۆدەکردەوە. هەر هەموویان لە ژێر چاودێری بوون و دەبا بە ڕەزامەندی دڕەندەکانی ڕژێم هاتوچۆی شاریان کردبا.

ڕژێمی بەعس دۆڵی بالیسان، ناوچەی بادینان و هەڵەبجەی کیمیاباران کرد. کۆمەڵێک لەوانەی بادینان خۆیان گەیاندبووە سنووری تورکییە و ئەوانەی هەڵەبجەش بەرەو سنووری ئێران. بە ڕێگەی ئێرانەوە هەر زوو هەواڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بڵاو بووەوە.

ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی ئەم گوناهە بخاتە سەر ئەستۆی ئێران و هەروا لە هەمان کاتدا لە کورد بگەیەنێت کە ئێران تاوانبارە، لە هەموو داوودەزگەکانی میریدا خەڵکی هەڵەبجەی کۆکردەوە تا لەشکرێکیان لێ پێکبهێنێت و بیانداتە گژ ئێران و ئەوانیش بەم جۆرە لە نێو بەرێت.

(ل ١٧٩ – کیمیابارانکردنی کوردستان).

***

تێکشکانی لەشکری عێراقی و کشانەوەی لە کوێتدا و پشتتێکردنی دەوڵەتە زلهێزەکان لە دەسەڵاتی عێراق، هەلێکی باش بوو بۆ عێراقییان بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی بەعس. ڕاپەڕین لە باشووردا لە بەسرەوە دەستی پێ کرد و لە کوردستاندا لە ڕانیە دەستی پێ کرد. میللەت ڕاپەڕی و هیچ هێزێک بەری نەدەگرتن، کورد لە ماوەی دوو هەفتەدا سەرتاسەری کوردستانی ئازاد کرد. (ل ١٩٤ – ڕاپەڕین).

***

شەوی نەورۆز، کەرکووک ئازاد کرا. سەر لە بەیانی زوو بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتین و بە سەدان ئۆتۆمۆبیل بەڕێوە بووین. چەندان فڕۆکە بۆمبارانی دەکردین. بە دەیان جار لە ئۆتۆمۆبیل دابەزین و خۆمان خستووەتە نێو چاڵی، تا بەر بۆمباران نەکەوین. گەیشتینە کەرکووک لاشەی سەدان بەعسی لە سەر شەقامەکان کەوتبوون. تەنیا کورد لە کەرکووک دیار بوو، بەرگری لە کەرکووک دەکرد، یەک تورکمان دیار نەبوو لە نێو شاردا. چەند سوپاسی خودا دەکەم ئەو ڕۆژانەی پێ بەخشیم، کە دەستەودایرەی ڕژێمی بەعس بە زەلیلی ببینم، بۆ من سەرلەنوێ ژیانەوە بوو. (ل ٥- ١٩٤ – ڕاپەڕین).

***

لێرەدا پێویستە بۆ مێژوو هەڵوێستی کوردانە و نیشتمانخوازانە و مرۆڤانەی کوردی ڕۆژهەڵات تۆمار بکرێت، چونکە زۆر لە کوردانی ڕۆژهەڵات هاتبوونە سەر سنوور بۆ پێشوازیکردنی کوردی باشوور و بەتایبەتی ئەو کەسانەیان دەبردەوە ماڵی خۆیان کە بە پێیان ئەو ڕێگە دوورەیان بڕیبوو.

ئەو باوەش پێداکردنەی کوردی ڕۆژهەڵات، بە کوردی باشوور دەبوو بە مایەی کەمکردنەوەی ئازار و ئەشکەنجەکانمان.

ئێمە خەڵکانی سەردەمی کۆڕەو، ئەمڕۆ هەموومان کۆڕەو کۆمان دەکاتەوە. هەموومان هەمان چیرۆک دەگێڕینەوە، هەموومان هەمان ڕێگەی ئازادیمان گرتەبەر و گوتمان ئیتر بەسە چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری و ژێردەستەیی، ئیتر شەرمە بێ سەروەری، بۆیە هەموومان یەک تام و چێژ لە دەممان دێت و یەک ئامانجیش کۆمان دەکاتەوە، کە بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردییە – (ل ١٩٩ کۆڕەو).

***

سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی

١٩٩١/٤/٧ پەردەی پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە کەوتبووە نهۆمی دووهەمی ماڵی میرزا عینایەتوڵڵام هەڵداوە، بەفری سپی مەهابادی داپۆشیبوو. شارێکی هێمن، پاک، چەند خۆزگەم دەخواست دایک و باوکم لەگەڵمدابان. باوکم هەتا دوا ماڵاوایی لە دنیای ڕۆشن کرد، هەموو سەر لە بەیانییەک بەدەم خۆگۆڕینەوە بە ڕیکۆردە گرۆندیکەکەی گۆرانیی «مریەم سابڵاخی» لێ دەدا، جا ڕووی لە چاپخانە دەکرد. باوکم و مامم هەر بە حەسرەتی ئەوەش سەریان نایەوە کە جارێکی دی مەهاباد ببیننەوە. (ل ٢٠٠ – مەهاباد).

***

لە مەهابادەوە قەنادی و گێلاسم بە دیاری بۆ دایکم هێنابوو. دایکم دوای دەیان ساڵ دابڕان لە مەهاباد، بە سەردانی من بۆ مەهاباد و باسکردنی خزم و کەسانی دایک و باوکم زۆر دڵشاد بوو. (ل ٢٠٣ ل ٢٠٣ – گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان).

***

ماوەی چەند ڕۆژێک بوو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی شەڕی خۆکوژییان بڵاو کردەوە و لە ١٩٩٤/٥/٢٩دا ئاگری شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان شاری هەولێریشی گرتەوە.

گوێ لە هەر کوردێک ڕادەگریت شەڕی خۆکوژی پێ ناخۆشە، ئەی کەواتە بۆ شەڕ دەکەن؟ هەموو ئیمارەتەکانی کوردی سەردەمی ئوسمانی هەر بە ڕێگەی شەڕی براکوژی ڕووخاوە. کورد لە هەموو میللەتێکی دەوروبەری زێتر ئەزموونی ناخۆشی و وێرانی شەڕی براکوژی هەیە، کەچی پیاوانی کورد هەر دووبارەی دەکەنەوە و دەڵێی مێژووی خۆیان نەخوێندووەتەوە، ئەگینا لەپێناو ئازادی تاکی کورد و خاکی کوردستاندا بە هیچ جۆرێک ڕوویان لە شەڕ نەدەکرد.

***

من و کاک «بەدران (حەبیب)» ماوەی سەئات و نیوێک لەگەڵ بەڕێز «نێچیروان بارزانی» دانیشتین. چەند لاپەڕەیەکی چاپکراوی فەرهەنگەکەم پیشاندا و زۆری پێ خۆش بوو.

لەم دانیشتنەدا پێشنیاری ئەوەم بۆی کرد کە ئەم بنکەیە لەڕووی ستاف و کەرەستە و شوێن فراوانتر بکرێت و ببێت بە بنکەیەکی چاپ. لە پێشنیازەکەمدا ئاماژەم بە دەوری وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە بە تەنیا بۆی نالوێت بەرهەمی بیری نووسەرانی کورد لە کاتی پێویستدا چاپ بکات.

بەڕێز نیچیروان گوتی: باشە بۆ ئەم پرۆژە پێشنیاز کراوە چەند کۆمپیووتەر پێویستە؟ گوتم: بۆ ئێستە دە کۆمپیووتەر باشە. گوتی: دەیکەین بە بیست کۆمپیووتەر. بەم جۆرە بنکەی ئاراس دامەزرا کە بە هەوڵ و کۆششی بەدران ئەحمەد حەبیب باشترین بەرهەمی بیری نووسەرانی کورد و کوردناسانی چاپ دەکرد. (ل ٢٣٦ – پێشنیازی دامەزراندنی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە).

***

ماوەی دوو ساڵ دەبوو «شوکور مستەفا» وەک هەڵسووڕێنەری کۆڕی زانیاری لە هەولێر دامەزرابوو.

بە بڕیاری ژمارە ٣٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٢/٢٨ کۆڕی زانیاری کوردستان دامەزرا.

لە فەرمانی ١١١٧ی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران ٢٠٠٢/١١/٢٢دا بڕیار لەسەر دامەزراندنی ئەو چوار بەڕێزانە وەک ئەندامی کارا لە کۆڕی

زانیـاری کوردسـتان درا:
د. شــەفیق قــەزاز، ڕەشـید فنـدی یەحیـا، د. کوردسـتان موکریانـی، د. بایـز عومـەر ئەحمـەد.
(ل ٢٥٠ — دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردستان بـە فەرمی).

***

بەپێـی یاسـای کۆڕی زانیـاری دوای تێپەڕبوونـی چـوار سـاڵ دەسـتەی نوێـی کـۆڕی زانیـاری هەڵدەبژێردرێـت. هەمـوو ئەندامانـی ئەنجوومەنـی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامادە بـوون. کـە سـەئات ١٠ بەیانـی ڕۆژی شـەممە، ڕێکەوتـی ٢٠٠٤/١٢/٢٥دا سـازکرا.

مـن زۆر جـار بـە ئافرەتانـی لێهاتـووم گوتـووە و دەڵێـم بـۆ بەرپرسـیارێتی هەڵناگرن و بۆ نابن بـە بەرپرسـی ئـەو بەشـە، یان ئـەو داوودەزگەیـەی کاری تێـدا دەکـەن؟ لـە بارێکـدا کـە ئێـوەش هەڵگـری هەمـان بڕوانامـەن و لێهاتوویـی ئـەو پیاوەتـان هەیـە کـە بـووە بـە بەرپرسـتان؟

لەو کاتـەدا بڕیـارم دا کە خۆم لەنێو ئەو پیاوانە تاقـی بکەمـەوە، بزانـم تـا چەنـد نـرخ لـە ژنێکـی ئاکادیمـی دەنێـن. خـۆم بـۆ سـەرۆکایەتیی کـۆڕی زانیـاری کاندیـد کـرد. ئەنجامـی دەنگدانەکـەش بـەم جـۆرە بـوو:

د. کوردستان موکریانی ١١ یازدە دەنگ
د. شەفیق قەزاز ٢ دوو دەنگ

لەبـەر ڕوشـنایی ڕێوڕەسـمی هەڵبژاردنـی ڕێکەوتـی ٢٠٠٤/١٢/٢٥دا دەسـتەی سـەرۆکایەتیی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان بـۆ خولـی دووەم بـەم جـۆرە بـوو:

د. کوردستان موکریانی سەرۆک
د. عەبدوڵڵا ئامێدی جێگری سەرۆک
بەدران ئەحمەد حەبیب ئەندامی تەرخانکراو
خالیـد مەحەممـەد عەبدوڵـڵا (هێـدی) ئەندامـی تەرخانکـراو

(ل ٢ – ٢٧١ – هەڵبژاردنـی خولـی دووهەمـی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان).

***

١ی شـوباتی ٢٠٠٤ ڕێکەوتـی یەکـەم ڕۆژی جێژنـی قوربـان بـوو. مـن بـۆ نانـی نیـوەڕۆ لـە ماڵـی گەلاوێـژی خوشـکم داوەت کرابـووم.

هاتوچـۆی خەڵـک لـە جادەدا نائاسـایی بـوو. دەنگـی ئۆتۆمۆبیلـی فریاکەوتـن دەهـات، کـە گەیشـتمە ماڵـی گەلاوێـژی خوشـکم، دیـم زۆر شـپرزەن. گوتیـان دوو تەقینـەوەی گـەورە لـە یـەک کاتـدا لـە لکـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لـە مەڵبەنـدی سـێی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتاندا ڕوویـان داوە و زۆر کـەس بەرکەوتـوون. چـووم بـۆ دەزگای ئـاراس بـۆ ئـەوەی بزانـم ئەگـەر کەسـێکی لـێ بێـت ئـەوە ئـەوان هەواڵـی ڕاستیان لـە لایە. کـە چووم کاک بـەدران لـە سـەر کۆمپیووتـەر بـوو. خەریکـی ئـەو هەواڵـە بـوو. پرسـیم تـۆ بڵێیـت ئـەو ناوانـەی باسیان دەکـەن هـەر هەموویان لـە نێـو چووبن؟

کەچـی ئـەوان لـە پـاڵ ئـەو نێوانـەش دەیـان نێـوی دییـان هێنـا کـە شـەهید بـوون، یانـی زۆربـەی دەسـەڵاتدارانی حکوومەتـی کـوردی لـە هەولێـر بەرکەوتـوون! ناحـەز ئـەو هەمـوو کادرە پێگەیشـتووانەی کوردی نامەردانـە لـە نێـو بـرد، کـە زیانێکـی گـەورە لـە خاووخێزان و لە پرۆسـەی پێگەیانـدن و هەڵسـووڕاوانی میـری کـوردی درا. ئـای کـە دیسـانەوە بـە سـەدان دایـک جەرگیـان سـووتا و بـە سـەدان منـداڵ بـێ بـاوک مانـەوە و بـە سـەدان ژن دووچـاری بێوەژنکۆشـی بوونـەوە و... مـن گریام ئەوانیش لەگەڵمـدا گریـان. تـا ئەو ڕۆژە زۆر خۆڕاگـر بـووم، بـەڵام لـەو ڕۆژەوە فێـری گریـان بـووم، چونکـە هەندێکیـان هاوەڵـم بـوون،

بە هۆی ناسین و بەرپێگەی کارەوە پێوەندی ڕۆژانەم لەگەڵیاندا هەبوو، کەچی لە پڕڕا لەو مەرگەساتە دڵتەزێنەدا دواماڵاواییان پێکرا. (ل ٩- ٢٦٨ – مەرگەساتی ١ی شوبات).

***

دەمێک بوو کۆنفرانسی یەکێتیی ئافرەتان لە شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی تەواو بووبوو. کۆنگرەی شەشەم سێ ڕۆژی خایاند و لە ١٢- ٢٠٠٧/٣/١٤ لە هەولێری پایتەختدا بوو.

دەنگدان لەم جۆرە کۆنگرەدا بۆ من یەکەم جار بوو. ئەو پێوەندییانەی لە نێو ئەندامانندا بۆ وەدەستهێنانی دەنگدان دەکران زۆر ئاسایی بوو، بەڵام موتمانە بەیەککردن بۆ دەنگدان وەک هەر کۆنگرەیەک کز بوو. پێشتر پێڕەو و پرۆگرامی پێشنیاز کراوم دیبوو. کۆمەڵێک تێبینیم لە سەری تۆمار کردبوو. لە نێو گفتوگۆکردندا دەمخستە ڕوو، کۆنگرەکە بە شێوەیەکی گشتی هەر هەمووی بۆ من شتێکی تازە بوو.

لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەم بەڕێزانە بوون بە ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و دواتر بەم شێوەیەش بەسەر بەشەکانی مەکتەبی سکرتارییەت دابەشکران.

کوردستان موکریانی سکرتێری گشتی

جۆڵا حاجی و سەنا یەعقوب – بەشی ڕێکخستن و ئامار.

سەبیحە ئەحمەد – بەشی چاکسازی و کۆمەڵایەتی و...

(ل ٢ – ٣٠١ کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان).

***

بەشی دووەم:

چەند تێبینی: لەو بەشەیدا هەندێک تێبینیم لەسەر شێوەی نووسین و هێنانەوەی وشەگەلی بیانی و ئیدیۆمەکانی زمانناسی هەیە کە لەسەر ئیزنی نووسەری کتێب پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی دەکەم.

مەتەڵێکی فارسی هەیە دەڵێ: «بازی بازی با دم شیر بازی؟!».

یانی: کایە کایە، بە کلکی شێریش کایە؟!

هیوادارم مامۆستای پڕ ئەزموون لێم ببوورێت، ئەگەریش بە هەڵەدا چووبم، هەڵەکانم بۆ ڕاست کاتەوە.

«ناوی ئەو بەرهەمەم لە هەولێرەوە بۆ هەولێر لە لایەن بەڕێز کاک تارق کارێزی پێشنیاز کرا منیش پەسەندم کرد. ل ٩- ٨».

پێت وانەبوو، هۆ و دەلیلی ئەو هەڵبژاردەیە، دەبا ڕوون کرابایەوە. بە بیری من ناوی ئەو کتێبە دەبا لە موکریانەوە بۆ هەولێر دیاری کرابا، یان لە هەولێرەوە بۆ هەیرنفەین.

سەبارەت بە کۆڕی زانیاری (ل ٢٧) پێموایە نووسەر لە پەراوێزی کتێبەکەیدا پێویست بوو کورتە باسێکی لەسەر پێشینەی ئەم کۆڕە بەو پێیە کردبایە: دوای شۆڕشی ئازاری ١٩٧٠ هەندێک ماف بۆ نەتەوەی کورد و ڕۆشنبیری کوردی ڕەچاو کرا. یەکێک لەم مافانە بگرە گرینگترینیان دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کورد بوو. بەپێی یاسای ژمارە ١٨٣ ساڵی ١٩٧٠ ز بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەستە «دیوانی سەرۆکایەتی» لەنێو زانایان و نووسەرانی هێژای کورد چەند ئەندامێکی هەڵبژارد و گەلێک لیژنەی تایبەتی دامەزراند. ئەندامانی کارای ئەو کۆڕە بریتی بوون لە: ئیحسان شێرزاد، شێخ محەممەد خاڵ، مەسعوود محەمەد، عەلائەددین

سـەجادی، پاکیـزە ڕەفیـق حیلمـی، عەزیـز عەقـراوی، عەبدولڕەحمـان هـەژار، ناجـی عەبـاس، ئەحمـەد عەلـی عوسـمان، د. کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد (سـکرتێری گشـتی کـۆڕ).

ئەندامانـی شـەرەف: تۆفیـق وەهبـی، عەبدوڵـڵا نەقشبەندی، قەناتـی کوردۆ، کامـەران بەدرخـان.

ئەندامانـی یاریدەریـش بیسـت کەسـایەتی هێـژا و زانـا بـوون.

کـۆڕی زانیاریـی ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٧٨. ز کـۆ کرایـەوە. دەرەنجامـی چالاکییـەکان و وەشـاندنی پتـر لـە سـەد بابـەت کتێبـی کـوردی و دانانـی تاقمێـک کـۆڕ و کۆبوونـەوە لەسـەر فەرهەنـگ و ئـەدەب و زمانـی کـوردی و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی شـەش ژمـارە لـە گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد بـوو. لـە هەمـووی گرینگتـر پڕکردنـەوەی هەندێـک لـە ئارشـیڤە خاڵییەکانـی ڕۆشـنبیریی کـوردی و سـازکردنی زەمینـە و بەسـتێنی چالاکییەکـی زانسـتانەو بـەردەوام لـە دەڤـەری ڕۆشـنبیری کوردیـدا بـوو.

خولـی دووهەمـی کـۆڕی زانیـاری بەپێـی قانوونـی ژمـارە ١٦٣ ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/٤ دامـەزرا و ئەندامەکانـی ٣٨ کـەس بـوون و لەوانـە نـۆ کـەس وەک ئەندامـی کارا کـە بـەو پێیـە هەڵبژێـرران:

عەزیـز ڕەشـید ئاکرەیـی، شـێخ محەممـەدی خـاڵ، مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕریـس، مووسـا عەبدولسـەمەد، د. حەسـەن کەتانـی، د. کامیـل حەسـەن ئەلبەسـیر، د. جـەلال محەممـەد ساڵح، د. جوامێـر مەجیـد سـەلیم، د. ناجـی عەبـاس.

سەرۆکی کۆڕەکە عەزیز ڕەشید ئاکرەیی. ١١

ئاخریـن بەشـی کتێبـی ناوبـراو هێنانـەوەی د. جەمـال ڕەشـید بـۆ وڵاتـە. ئـەدی دوای ئـەو ڕووداوە لـە سـاڵی ٢٠١٣ هەتـا ئێسـتا کـە نیزیـک بـە ٩ سـاڵ تێپـەر دەبـێ و ئێسـتا دانیشـتووی شـارۆچکەی هەیرنفەیـن لـە باکـووری هۆڵەنـدان — (ل ٢١١) ئـەو پرسـیارە دێنێتـە پێـش، لـەو ماوەیـەدا سـەرقاڵی چـی بـوون؟ خانمێکـی وەک ئێـوە کـە خاوەنـی مەدالیـای یەکێتیـی ئافرەتانـی کوردسـتانن، لـەڕووی سروشـتییەوە ناتوانـن بێـکار دانیشـن.

لـە ناوەڕۆکـی کتێبەکەتـدا چەنـدان ئیدیۆمـی زمانناسـی وەک:

سـینتاکس (نحـو) کاریەرێکـی پێوەندیـدار دەگـەڵ وشـە و ڕسـتەدا بکـەر- کـردار و- بـەرکار.

مۆرفۆلۆژی (بیچمناسی)/ فیلۆلۆژی (واژەناسی)

ئیتیمۆلۆژی (ڕیشەناسی لە زمانەوانیدا) و...

هەروەهـا ناوەکانـی وەک: شاووشـکا (خـوای دیـاردەی وەبەرهێنـان- بـاروەری)

مینەواسـی (نـاوی کـوڕی یەکێـک لـە فەرمانڕەوایانـی ناوچـەی موساسـیر)ی تێدایـە کـە بـۆ خوێنـەری ئاسایی و تا ڕادەیـەک خوێندەواریش غەریـب و بێگانەیـە کـە دەبـوو لەنێـو پەرانتێـزدا ماناکـەت نووسـیبا.

لـە باتـی وشـەی سـائەت و شـائیر، وشـەی کـوردی کاتژمێـر و هەڵبەسـتوان باشـتر نییـە؟

تکایـە چاپـی دووهەمـی کتێبەکـەت حەتمـەن بـە ویراسـتار (ئیدیتۆر)ێکـی هێـژا بسـپێرە کـە لەسـەرڕا بـە وردی پێیـدا بچێتـەوە.

***

لـە کۆتایـی وتارەکەمـدا لـە مەهابـادەوە هەتـا هەیرنفەیـن دەسـتی مانـدووت مـاچ دەکـەم لەبـەر ئـەوەی گشـت کوردێـک شـانازیت پێـوە دەکات و بـە یەکێـک لـە شاژنەکانی نیشـتمانت دەناسـێت.